# چاکێتەکان بۆ وەرزی سەرما

بەرەو وەرزی سەرما چووین، دەبێ کاریگەری سەرما بزانین و لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن مۆدەوە حیسابێکی بۆ بکەین، مۆدەکانی وەرزی سەرما یان زستان بە جوانترین و سەرنجراکێشترین مۆدە دادەنرێت، چونکە جوانی جەستە گرنگی نابێت و تەنیا جوانی جلەکان بە ناسکی و کراوەیی دەردەکەوێت. بۆیە دەبێت جلەکان بە گوێرەی وەرزەکە هەڵبژێرین.بۆ مۆدەی ئەوساڵ، یەکێك لە مۆدە ناسکەکان بریتییە لە چاکێت و بلووزە سەرنجراکێشەکان دەبێت، تەنانەت چاکێتێك بۆ سەرەوەی جەستە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانییەکی تایبەت و ناسك بۆ ئەوەی خانمان لە پۆشاکێکی تایبەتدا دەربکەون.







# خانمان بە ئێکسسوار زیاتر رازاوەتر دەبن

ئێکسسوارەکان دەبنە مایەی جوانی و تایبەتمەندی تەنانەت دەکرێت سوودیان لێوەربگرین بۆ زیاتر جوانکاری و رازاندنەوەی شێوەی جلوبەرگ و هەر لایەنێك لە جەستەی خانمان کە پێویستی بە ئێکسسوارەکان هەبێت، لێرەدا دەتوانین کۆمەڵە ئێکسسوارێك بەیەکەوە ئامادە بکەین، مەبەست گشت جۆرە ئێکسسوارەکان لە تاخمێکی تەواودا ئامادە بکرێن. دەکرێت ئێکسسوارەکان کۆ بکەینەوە لە گشت جۆرەکان لەوانە : ملوانکە – گوارە – بازنگ – تۆقەی قژ – ئەڵقە و ئەنگوستیلەی ناسك. مەرج نییە رەنگ بۆ ئێکسسوارەکان تەرخان بکرێت، دەکرێت لە چەندەها جۆرە رەنگ بێت. دەکرێت ئێکسسوارێك لە کۆمەڵە رەنگێك بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت جلەکان بپۆشرێت، سوودی ئێکسسوار بریتییە لە سەرنجراکێشان و زیاتر رازاندنەوەی جلوبەرگ.












# گرنگی رووناکی بـــۆ دیکۆری ماڵ

دیکۆری ماڵەکان پێویســـتیان بە جوانترین و ناســـکترین شـــێوازەکانی دانانی دیکۆر هەیە بۆ ئەوەی لە نزیکدا بە گەورە جوانییەکی تایبەت و ناســـك دەربکەوێت، یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ماڵ بریتییە لە دانانی رووناکی و دروست کردنی یەکســـانی لە نێوان رووناکییەکان لە ســـەرتاپای ماڵ. لـــە رێگەی دانانی مەرکانـــە گلۆپەکان، دەتوانین بە جوانترین شـــێواز کۆنترۆڵی رووناکی بکەین، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەبێتە مۆدەیەکی جوان لە رازاندنەوەی زیاتـــری دیکۆری ماڵ. دەکرێت ئـــەو گلۆپانە لە چەندەها رەنگ و شـــێوە بێت. لەم رێگەیەشـــدا گلۆپەکان دەبـــن بە دوو لایەنی بەســـوود لەوانـــە: دیکۆرێکی جوان و ناســـك، هەروەها سەرچاوەیەك بۆ رووناکی و یەکسانی لە رووناکی ماڵدا.

# تەسریحەی خاو لە چەندها مۆدە

تەسریحە خاوەکان یان سەرحەکان، چەندەها مۆدەی تایبەت و جوانی لێـــوە دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی دەبێتە شـــێوازێکی تایبەت لە جوانی بۆ قژەکان، دەکرێت گشـــت جۆرە قژەکان بکرێت بە تەسریحەی خاو یان سەرح، بەڵام ناکرێت بکرێت بە رەنگێکی دیکە، بۆ نموونە ئەو قژانەی تەواو رەشە ناکرێت زەرد بکرێت.کاتێك قژەکان سەرح دەبن، لەگەڵ گشت جـــۆرە مۆدە و تایبەتمەندییەکی داهێنانی قـــژ و یان دانانی چەندەها جۆرە تەســـریحە بۆ ئەوەی بە رێگاکانی دانانی نەخش و شێوە جوانەکان بۆ هەر لایەنێکی قژ بەمەش دەکرێت ســـوود لە تەســـریحەی خاو یان تەسریحەی ســـەرح وەربگرین بۆ ئەوەی جوانییەکی گەورە و ناسك بە قژەکان ببەخشێت.













# ستایلێکی جوان بۆ ژووری منداڵان


منداڵەکان پێویســـتە گرنگییان پێبدرێت لە ماڵەکان، تەنانەت دانانی ژوورێکی تایبەت یان لایەنێکی لە ژوورێك، دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆشـــی پێدانی هەستێکی تایبەت بۆ منداڵەکان، ئەمەش دەبێ لە رێگەی تەرخان کردنی کەرەســـتە و شـــوێنێکی تایبەت بۆ منداڵەکان. دانانی ژوورێکی تایبـــەت بۆ منداڵەکان زیاتر دەبێتە لایەنێکی تایبەت و جوان لە دیکۆری ماڵەکەت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت کەرەستە و شوێنی ژووری منداڵان بە دیکۆرێکی ناسك و ســـەرەنجراکێش ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی هەستێکی خـــۆش و جوان دەربکات بۆ منداڵەکان، ئەمەش بۆ گشـــت تەمەنەکانی منـــداڵان دەگرێتەوە، لەدوای ئەوەش دەبێتە دیمەنێکی جوان و تایبەت بۆ دیکۆری ماڵ.





# گەورەترین ئاهەنگ بۆ (٢٠) هەزار بووک و زاوا

بۆ زیاتر گرنگی دان بە گەنج و لاوانی وڵات، هەروەها بۆ زیاتر پێکەوەنانی کوڕ و کچەکان لە وڵاتی کۆریا گەورەترین ئاهەنگی بووك و زاوا ئامادە و جێبەجێ کرا. ئاهەنگەکە سەرتاسەری وڵاتی گرتبۆوە و بەمەش بووە هۆی خۆشی گشت خەڵکی ئەو وڵاتە. لە ئاهەنگەکەدا نزیکەی (٢٠) هەزار بووك و زاوا بەشداریان کرد، بۆ ئەوەی ببن بە هاوسەری یەکتر و گشت ئاسانکاری و یارمەتی دارایی لەلایەن حکوومەتی کۆریای باکوور ئامادەکرابوو بۆ بووك و زاواکان. هیوادارین حکوومەتی ئێمەش کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدات و هەرچی کوڕ و کچە بە یەکتریان بگەیەنێت !




## کێکە سەمەرەکان

لە بۆنە و یادە تایبەتەکان چەندەها کەرەستە و شتی جوان ئامادە دەکرێت، یەکێك لەو کەرەستانە بریتییە لە کێکی گەورە و تایبەت بۆ ئەوەی وەك دیمەنێکی جوان و دواتریش بۆ ئامادەبووان بخوردرێت. چەندەها شێوە و نەخشی تایبەت بە کێك هەن، بەڵام ئەو کێکانە شێوەیەکی دیکە لە خۆ دەگرێت و دەبێتە کێکە سەیرەکان لەبەرچاوی گشت کەسێك.

ئەگەر بە وردی سەیرێکی ئەو کێکانە بکەین، وەك تابلۆیەك یان وەك نەحتێك دێتە بەرچاو، بەهۆی شێوە سەیرەکانی کێکەکان، بە جۆرێك دروست کراوە، لە شێوەی کێك دوور دەکەوێتەوە و شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت.











## خاکەناس بۆ هێلکە برژاندن

لە بواری سەربازی گشت لایەنەکان بە توند و ناخۆشـــی بەڕێوە دەچێت، تەنانەت خـــواردن ئامادەکردنیش ڕێگەیەکی قوڕس و ئاســـتەنگی دەوێت. بۆیە دەبێت بە هەر ڕێگەیەك بێت ســـەربازەکان خـــواردن بۆ خۆیان دروست بکەن، بە تایبەت کاتێك لە شوێنێکی چۆڵەوانی دەبن یان کەرەستەیان لەلایەن نابێت.

وادیارە لەلای ئەو سەربازانە بیرۆکەیەکی تایبەت بە ئامادەکردنـــی خواردن دانراوە، خواردنەکـــەش بریتییـــە لـــە هێلکـــە و ڕۆن، ئەمـــەش کاتێك ســـەربازەکان تەنیا خاکەناســـیان پێدەبێت بۆ ناشتنی کەسانی مردوو، ئەوانیش هێلکەیان لەسەر خاکەناس داناوە بۆ ئەوەی ببرژێت، لە جیاتی مەقلی هێلکە برژاندن.



## بووکـێـک لە (WC) ڕۆژی ئاهەنگی بـــەڕێ کـــرد

ڕاسی ئەو خانمەیە کاتێك کاری دروست کردنی توالێت و دانانی شێوەیەکی جوان بۆ توالێتـــەکان دەکات، بۆیە خەونێکی لەلای خۆی دروست بووە ئەویش بۆ دانانی ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریەتی خۆی لە ژوورێکی توالێـــت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەو کەســـانەی لە نزیك خـــۆی ئامادە بێت لە ڕۆژی ئاهەنگی لە توالێـــت ئامادە بێت، کەسێکی چاکە بۆی.

ڕاسی خان دوای ئەوەی بەرگی بووکینی دەپۆشـــێت و، لە ژوورێکی تایبەتی خۆی لە توالێتی ماڵەکەی پێشـــوازی لە خەڵك کرد، بەمەش بووە سەیرترین بووك لە توالێت ڕۆژی ئاهەنگی بەڕێ بکات.




## کلاشینکۆف: پەشیمانم لە کلاشینکۆف!

کلاشـــینکۆف چەکێکـــە لەلای گشـــت کەسێك ناســـراوە و، وەك دەزانین سەرچاوەی دروست کردنی ناوی ئەو چەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەســـەی دروســـتی کردووە، ئەویش ناوی (میکائیل کلاشـــینکۆف)ە، لە ساڵی ١٩٤٧ لـــە شـــاری لیبیریا دروســـت کراوە، ئەمەش دەکاتە دوای جەنگی جیهانی دووەم، وەك چەکێکی سادە بەکاردەهێنرێت بۆ کاتی جەنگ. خاڵە کلاشینکۆف ئێستا پەنجەکانی خۆی دەگەزێت کاتێك ڕووداوێك یان تاوانێك بە کلاشـــینکۆف ئەنجام دەدرێت، وەك خۆی دەڵێت : کاتێك شـــتی وا دەبینم پەشـــیمانی دەمگرێـــت و، وام لێدەکات هەســـت بە تاوان بکەم، بەڵام بەوەش دڵخۆشم هەموو چەکەکان دروســـت کراوی دەســـتی من نین و، ئێستا چەندەها وڵات دروستی دەکەن!

# زاوای ١١٢ ساڵ و بووکی ١٧ ساڵ



بەپێی هەواڵێکی تۆڕی (بی بی سی) بەریتانی، بۆ گەورەترین زاوا و بچووکترین بووک بڵاوکراییەوە، کاتێک پیاوێکی وڵاتی سۆماڵ دەتوانێت کچێک بخوازێت نزیکەی سەدەیەک لە خۆی بچووکتر بێت. پیاوەکە ناوی (ئەحمەد محەمەدە) و تەمەنی ١١٢ ساڵ دەبێت، لەگەڵ ئەوەی (٥) ژنی دیکەی هێناوە و باوکی (١٨) منداڵە، کەچی بەم دواییە حەزی لە ژنێکی دیکە دەبێت و ئەو کچە نازدارە دەهێنێت.

کچەکە تەمەنی (١٧) ساڵە و ناوی (سافیە)یە، مامە ئەحمەد دەڵێ: بە هێز و توانای خۆم ئەو کچەم رازی کرد بۆ ئەوەی شووم پێبکات، نەوەک بە ناخۆشی و هێز. ئێستاش دەبێ گرنگی پێبدەم و ژیانێکی خۆشی بۆ دابین بکەم، ئەویش دەبێ منداڵی جوانم بۆ بهێنێتە ژیانمەوە!

# منداڵێکی بچووک خاوەن بەهێزترین جەستەیە

هەندێك لە منداڵەکان لە دوای لە دایك بوون دەبن بە خاوەنی بەهرە ئەمەش لە رێگەی جەستە یان قسە کردن یان شتێکی تایبەت بۆ منداڵ، کەچی ئەو منداڵە بەبێ هیچ کارێکی تایبەت یان وەرزشێك بۆتە خاوەن بەهێزترین و سەیرترین جەستە، وەك ئەوەی کەسێکی وەرزشی بێت. لە شاری هاوای ئەمەریکی، منداڵێك بە ناوی (مارکۆ)، تەمەنی تەنیا (١٠) ساڵێك دەبێت، جەستەی ئەوەندەی کەسێك وایە یاری لەشجوانی بکات و، چونکە جەستەی ئەوەندە جوان و رەقە بۆی هەیە لە پاڵەوانی لەشجوانان بەشداری بکات.








# رازاندنەوەی شێوە سـ

رازاندنەوەی شێوە سەیرەکان ئەوەندە بە ئاسانی و سادەیی ناکرێت، چونکە کاری تایبەتی و بیرکردنەوەی دەوێ بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی جوان و بە نەخشی تایبەت ئامادە بکرێت. لە وڵاتی هیندستان لە بۆنە تایبەتییەکان پیاوەکان بە جوانترین شێوە رووخساریان دەرازێننەوە و، شتێکی جوانی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی شێوازێکی سەیریان



# کـ



بنێشت ئەو خواردنەیە چەندەها سوودی تەندرووستی هەیە بۆ مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی خۆشە بۆ کات بەسەر بردن و خەریك کردنی دەمی مرۆڤ، بە تایبەت لەلای ئافرەتان وەك شتێکی گرنگ وایە، بە تایبەت کاتێك بە کۆمەڵ دادەنیشن و بنێشت دەجوون! وادیارە لە وڵاتی ئەڵمانیا دڵی ئافرەتان ناشکێنن و بۆیە گەورەترین نمایشیان بۆ بنێشت ئامادە کرد.

ئەمەش لە رێگەی دانانی گەورەترین بنێشت لەناوەراستی شەقامێکی ئەو وڵاتە، بۆ هەر کەسێك دەیتوانێت ئەوەندەی بە دەمی بنێشت ببات و بیجووێت. ئەمەو لەلایەن خەڵکەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك ئەو بنێشتە بردرا و تا کۆتایی پێهات.

## ـــــەیرەکان لە بۆنەکان

هەبێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرەنجراکێش بێت.

ئـــەو دوو پیاوە لە بۆنەیەکی تایبەتی بە وڵاتەکەیان، وەك ئەوەی خۆیان خســـتبێتە ناو بۆیە، رووخســـارەیان بـــە دەیەها بۆیە رازاوەتـــەوە، شـــانازی بەم جـــۆرە کارەیان دەکەن، ئەوانەش کەســـی ئاسایین و، نەوەك کەسانێکی تێکچوو یان کەم ئەقڵ بن!








## ئۆتۆمبێلی وەک جاڵجاڵۆکە

دروســـت کردنـــی کەرەســـتە بەهێـــز و سەیرەکان، وەك رێگەیەك بۆ ئەوەی شتێکی جوان و سەیری لێوە دەربچێت، ئەمەش وەك تاقیکردنەوەیەکـــی تایبەت بـــۆ ئەوەی لە بیرۆکەیەکی ســـەیر بۆ ئەوەی ئوتۆمبێلێك دروســـت بکرێت بتوانێـــت وەك جاڵجاڵۆکە بەسەر گشـــت شوێنێك بکەوێت.ئوتۆمبێلێك دروســـت کراوە، بـــە هونەرێکی زانســـتی میکانیکـــی، بە جۆرێـــك دەتوانێت جووڵەی وەك جووڵەکانـــی جاڵجاڵۆکە بێـــت، کاتێك بەسەر شوێن و جێگەی وا بکەوێت، هەرگیز ئوتۆمبێلی دیکـــە نەتوانێت ئەو کارە بکات. وەك تاقیکردنەوەیەك ئەو وێنانە بووە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بۆ ئوتۆمبێلە جاڵجاڵۆکەکە!

## ـــــێ دەتوانێت گەورەتـــرین بنێشت بجووێت!











# ئەوە دەستە یان کەتەرە!



هەندێك لە مرۆڤەكان خاوەن توانا و بەهرەی تایبەت و سەیرن، وەك ئەوەی یەكێك بتوانێت كارێك ئەنجام بدات لە توانا و هێزی كەسی دیكە نەبێت، وەك ئەو پیاوە دەتوانێت بە هێزی دەستەكانی لە چەماندنەوەی قاپ و كەرەستەكانی خواردن بەكاربهێنێت، تەنانەت توانی بە دەستەكانی مەقلییەكی خواردن سووركردنەوە بچەمێنێتەوە و دوو پارچەی بكات.

# یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەكجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەكێكی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو كاتێك هەنگاوەكان تەواو دەبێت.

ی ب ل ی ا

ئاسانكاری : وڵاتێكە لە جیهان!

وەڵامی پێشوو : خەڵاتی (ئۆسكار) بوو


# دەمامك بۆ گیانداران لە كاتی كیمیاباران



لە كاتی جەنگ دەبێ بواری سەربازی ئاگاداری گشت لایەنێك بن بۆ ئەوەی لە كاتی تەنگانە بە دوور بن و رزگاریان بێت لە حاڵەتە تەنگەكان، ئەو وێنەیە لە كاتی جەنگی جیهانی دووەم گیراوە و ئەوەی سەیر بێت دەمامك بۆ ئەسپ دانراوە بۆ ئەوەی لە هێرشی كیمیاوی و گازی نەكەوێت.

## نوكتە

☺ - رۆژێكیان دزێك لە بازاڕ جەنتای ئافرەتێك لە دەستی دەدزێت، ئافرەتەكەش ئاگادار دەبێت و هاوار دەكات: ئەوە دزە بیگرن و ئەوە جەنتای منی دزیوە و بیگرن خەڵكینە! دزەكەش جەنتاكەی دەداتەوە دەستی و پێدەڵێت : بگرە ئەوە جەنتاكەت دەڵێی قەت دزت نەدیوە!



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

وەڵامێكی ئەو پرسیارەت پێ دەگات كە دەمێكە چاوەڕوانی زانینی وەڵامەكەی دەكەی، كارێك مەكە ببێتە هۆی ئەوەی بەرامبەرەكەت دڵتەنگ بێت، ئەو چاوەڕوانی ئەوەیە دڵی خۆش بكەی.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

چاوت بە هاوڕێیەكی زۆر خۆشەویستت دەكەوێت و كاتێكی زۆر خۆش بەیەكەوە بەسەر دەبەن، پەیوەندییەكی سۆزداری چاوەڕواننەكراو لەڕێگادایە كە ژیانت دەباتە قۆناغێكی ترەوە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەم هەفتەیە چەند گۆرانكاریەك ڕوودەدەن لەژیانت دا بەڵام دڵنیابە لەبەرژەوەندی خۆت دەبن. پێویستت بەكەسێك هەیە ببێتە هاوسۆز و مایەی دلخۆشی بۆ تۆ، ئەو كەسە بدۆزەوە.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەماوەی ڕابردوودا بارودۆخی خێزانیتان هەندێك نائارامی بەخۆیەوە بینی بەڵام بەزووترین كات دەگەڕێتەوە باری سروشتی خۆی. ئەگەر ئەگەر خۆشەویستت نییە كەسێك لەدەرگای دڵت



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

داوات لێ دەكرێت بۆ بەشداریكردن لە كارێكی تایبەت یان گەشتیك ئەوا ڕەتی مەكەوە و بەشداری بكە، ناكرێت بڕوات بە خۆشەویستەكەت نەبێت و بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بكەی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێویستە سیستەمێك دابنێی بۆ چۆنیەتی خەرج كردنی پارە لەبەر ئەوەی هەموو كاتێك بەم شێوەیە نابێت و بیر لەكاتی تەنگانە بكەوە. دیدارێكی كەم خۆشییەكی زۆری بەدوادا دێت لەم هەفتەیەدا.

ئا/ هێمن قەسرەیی






## ئاسۆیی:

١- خاوەنی وێنەی ژمارە (١)
٢- پیتی (١)+ گلەیی (پ)
٣- یانەیەکی ئیسپانییە
٤- ناوچەیەکی لە کوردستان
٥- نیسك (ت) – یاریزانێکی پورتوگالییە.
٦- یانەی پاشایەتی- قانون
٧- ئەکتەرێکی کۆمیدییە- چوار پیت لە (رەیان)
٨- خاوەنی وێنەی ژمارە (٥) (پ)- چوار پیت لە رانیە.
٩- خاوەنی وێنەی ژمارە (٤)+ پیتێك (ت)
١٠- سێ پیت لە پلان + ژمارەیەکە
١١- وەکو یەکە+ ناوێکی کچانە.
١٢- خاوەنی وێنەی ژمارە (٣) (پ).

## ستوونی:

١- چوار پیت لە (شەرمین)
٢- فایل (پ).
٣- فەیلەسووفێکی فەرەنسی بوو.
٤- راهێنەری هەڵبژاردەی ئیتالیا+پیتی (١)
٥- فەرمانڕەوا لەسەردەمی پێشوو (پ)- چوار پیت لە (سیبەل).
٦- ناوی یەکەمی یاریزانێکی ریال مەدرید- شاعیرێکی کورد بوو
٧- کورتکراوەی ریکاردۆ (پ)- گوند (پ).
٨- وەکو یەکە+ دوو پیت لە (نێت)- غەریبی
٩- پێداویستییەکی سەرەکی ژیانە+ خاوەنی وێنەی ژمارە (٢)+ بورجێکە+ وەکو یەکە (پ).
١٠- وەکو یەکن
١١- چوار پیت لە (نەسرین)
١٢- تیپی تۆپی پێ

## بۆ زاخاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..




| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی خۆشە لەلای گوێدرێژ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جام بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە وەك زەرف وایە، شتی لێوە دادەنرێت، لە کارتۆن دروست دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جۆرە ئوتۆمبێلێکی کۆریە)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( پــاشـــا ) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەگەر بیر لە ڕابردوو بکەیتەوە دەبینیت دڵی هەندێك هاوڕێت ڕەنجاندووە، ژیان واتە بەختەوەری بۆیە بەزووترین کات ئاشت بەوە لەگەڵ هاورێکانت. بەرامبەرەکەت چاوەڕوانی نیگایەکت لێدەکات.




**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەناو چەند کەسێك دا تۆ دەستنیشان دەکرێی بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگ، بەخت دەبێتە هاوڕێت و بەسەرکەوتوویی کۆتایی دێت، بۆ خۆشەویستان دابڕان چارەسەر نییە بەڵکو برینەکانیان قووڵتر دەکات.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەوەندە بەڵێن مەدە ئەگەر دەزانی توانای جێبەجێکردنت نییە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوروبەرت متمانەت پێ نەکەن لەداهاتوودا، سەردانی ئەو هاورێیانەت بکە ماوەیەکە نەتبینیون.




**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بۆ سەرکەوتن لەهەر کارێکدا پێویستە بەختەت هەبێت، ئەم ماوەیە بەختت دەبێتە هاورێت، ڕاشکاوانە قسەی دڵت بۆ بەرامبەرەکەت بکە و هیچی لێ مەشارەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە مەدەوە کە تایبەتن بەژیانی تایبەتی خۆت لەبەرئەوەی نابێت هیچ کاتێك وابکەی خەڵك نهێنییەکان بزانن. کەسێك پێت سەرسام بووە و بەنیازە داوای پەیوەندیت لێ بکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەو گرفتەی ئێستا ئەوەندە قورس نییە وەك بیری لێدەکەیتەوە، بەڵکو بەزووترین کات چارەسەری بۆ دەدۆزیتەوە.ڕەخنەی بەرامبەرەکەت بە ئاسایی وەر بگرە ئەو زۆر تۆی خۆشدەوێت.

hemntoni@yahoo.com